لە پێشەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەخەوتم وپێیەکانم لە ئاراستەی قیبلەدا بوو، ئەگەر بۆ سوجدە بردن بڕۆیشتایە؛ ئاماژەی بۆم دەکرد بۆیە پێیەکانم دەهێنایە پاشەوە، وئەگەر هەستایەتە سەر پێوە؛ وەکو پێشووتری لێدەکرد، ومااڵەکان لەو ڕۆژانەدا ڕۆشنکەرەوەی تێدا نەبوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە پێشەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەخەوتم وپێیەکانم لە ئاراستەی قیبلەدا بوو، ئەگەر بۆ سوجدە بردن بڕۆیشتایە؛ ئاماژەی بۆم دەکرد بۆیە پێیەکانم دەهێنایە پاشەوە، وئەگەر هەستایەتە سەر پێوە؛ وەکو پێشووتری لێدەکرد، ومااڵەکان لەو ڕۆژانەدا ڕۆشنکەرەوەی تێدا نەبوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە پێشەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەخەوتم وئەویش شەونوێژی دەکرد، بەهۆی بچووکی مااڵەکەمانەوە؛ پێیەکانم لە ئاراستەی قیبلەدا بوو، لە نێوان ئەو وشوێنی سوجدە بردنی، ئەگەر بۆ سوجدە بردن بڕۆیشتایە؛ ئاماژەی بۆم دەکرد بۆیە پێیەکانم دەهێنایە پاشەوە، وئەگەر هەستایە سەر پێوە؛ وەکو پێشووتر لێی دەکرد. ئەگەر بمبینیایە بەڕەو سوجدە بردن دەڕوات؛ ئەوا پێیەکانم دەهێنایە پاشەوە بە بێ ئاماژە کردنی ئەو، بەڵام مااڵەکانمان لەو ڕۆژانەدا ڕۆشنکەرەوەی تێدا نەبوو، بۆیە نەمدەبینی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5217